# سەردانی جەهەپە وهەڕەشەی سوپا!

09-09-2021

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**کورتە :** لە ڕۆژانی رابردوودا سەردانی وەفدێکی باڵای پارتی گەلی کۆماری(جەهەپە) وەك گەورەترین پارتی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان، لەگەڵ هەڕەشەکانی فەرماندەی هێزی وشکانیی ئێران لەبارەی هەبوونی هێزە کوردییەکان لە خاکی هەرێم، دوو ڕۆژەڤی گرنگ بوون کە شایانی باسکردنەوەن. پاڵنەر و پاساوەکانی ئەو دووانە هەرچۆنێك بن، لە شوێنێکدا بە یەك دەگەن؛ لە ئێران و تورکیا، خواستی زیادکردنی نفوز و کاریگەری لەم ناوچەیە زیادی کردووە!

**بەرایی**

لە رۆژانی رابردوودا سەردانی وەفدێکی باڵای پارتی گەلی کۆماری(جەهەپە) وەك گەورەترین پارتی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان، لەگەڵ هەرەشەکانی فەرماندەی هێزی وشکانیی ئێران لەبارەی هەبوونی هێزە کوردییەکان لە خاکی هەرێم، دوو رۆژەڤی گرنگ بوون کە شایانی باسکردنەوەن. پاڵنەر و پاساوەکانی ئەو دووانە هەرچۆنێك بن، لە شوێنێکدا بە یەك دەگەن؛ لە ئێران و تورکیا، خواستی زیادکردنی نفوز و کاریگەری لەم ناوچەیە زیادی کردووە!

سوپای پاسداران بەدوای دەسکەوتی زیاترە لەبارەی پرسی مانەوەی حیزبە کوردییەکانی رۆژهەڵات و، تورکیاش لە رێگاکانی نفوزی زیاتر دەگەرێت و، ئەمەش لە ئاستێکدایە کە تەنانەت پارتی گەلی کۆماریش وەك پێویستییەك تەماشای دەکات. هەریەك لەو رووداوانە پاڵنەرو پاساوی سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکی دیکەیشیان هەیە، بەڵام لە ئاستێکی گشتیدا، ئەو گومانەی کە لەسەر داهاتووی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق، بە تایبەتی لەدوای رووداوەکانی ئەفغانستان دروستبووە، وەکو کاتالیزۆری خواستی ئەوهێزانە دەوری بینیوە.

**سەردانەکەی جەهەپە**

کەمال کلچدارئوغلو سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری وەفدێکی نارده هەرێم تا لەسەر "کراوە هێشتنەوەی دەرگاکانی دیالۆگ و بیرۆکەی رێکخراوی ئاشتی و هاوکاریی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست"[1] لەگەڵ رایەدارانی هەرێمی کوردستان گفتوگۆ بکەن. راستییەکەی زیاتر لە کراوە هێشتنەوەی دەرگاکانی دیالۆگ، دەتوانین بڵێین ئەمە یەکەمجارە بە ئاشکرا ئەو دەرگایە دەکرێتەوە کە پێدەچێت پاساوی گرنگی ناوخۆیی هەبێت.

جەهەپە لە تەمموزی 2021دا رایگەیاند کە "مێزی رۆژهەڵات"ی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری 24 پارێزگای باشوور و باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا دامەزراندووە هەتا بتوانێ رێژەی دەنگەکانی لەو ناوچانە زیاتر بکات.[2]ئەو مێزی رۆژهەڵاتەش لەژێر دەستی ئوغوز کائان ساڵیجی جێگری سەرۆکی جەهەپە بۆ کاروباری رێکخستندایە کە سەرۆکایەتی وەفدی حیزبەکەی بۆ هەرێمی کوردستان کرد. ئەمەش ئەو گومانەی لای نەیارانی جەهەپە زیاتر کردووە کە نەکا ئامانجێکی سەردانەکەی بۆ هەرێم بۆ راکێشانی زیاتری سۆزی کوردەکان بە تایبەت ئەو کوردە دیندارانە بێت کە پێشتر دەنگدەری ئاکپارتی بوون و لای بەشێکیان بارزانی هێمایەکی گرنگە. راستییەکەی، هەرچەنێ نەرمییەك لە گوتەی بەرپرسانی جەهەپە سەبارەت بە پرسی کورد لە ناوچەکە بە دی دەکرێت، بەڵام هێشتا دیارنییە کە ئەوان کە بە چ پرۆژەیەکەوە دەیانەوێ ئەو پرسە چارەسەربکەن. باسکردنی پرسی کورد لە چوارچێوەی باسەکانی پەیوەست بە ماف و ئازادییە کەسییەکان، هاوپەیمانییەکەی لەگەڵ ئیی پارتی کە پارتێکی نەتەوەگەرایە و ئاراستەی دەنگەکانی بەرەو زیادبوونە، ئەو پرسیارە بە زیندوویی دەهێڵێتەوە و بەرپرسانی جەهەپەش لەرێی حەواڵەکردنی پرسی کورد بۆ پەرلەمانی داهاتوو، دەیانەوێ جارێ خۆیان لەوە بدزنەوە کە چارەسەرەکەی دڵیان بۆ پرسی کورد کامەیە. ئا لەبەر ئەوەش، رەنگە ئەو گومانە زیاتر لە راستی نزیك بێت کە راکیشانی سۆزی کورد، یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم سەردانە بێت.

جەهەپە هۆکارێکی دیکەی سەردانەکەی وەك باسکردنی بیرۆکەی رێکخراوی ئاشتی و هاوکاریی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست باسکردووە. بە گوتەی هەندێك لە بەرپرسانی جەهەپە ئەم رێکخراوە بۆ هاوکاریی ئەمنی نییە و، بۆ ئەوەیە کە بەرێی ئابووری و دیالۆگەوە لە ململانێکانی ئەم ناوچە کەمبکرێتەوە. سەرەتاش وایان داناوە کە ئەم رێکخراوە عێراق و تورکیا و ئێران و سووریا بگرێتەوەو، دواتریش هێزی دیکەی ناوچەیی و نێودەوڵەتیشی وەکوو چاودێر بۆ زیادبکرێت.. ئونال چەڤیك ئویز ئەندامی وەفدەکەی جەهەپە بۆ هەرێمی کوردستان کە ئێستا راوێژکاری سەرۆکی حزبەکەیە بۆ کاروباری سیاسەتی دەرەوە، پێشتر باڵیۆزی تورکیا بووە لە بەغدا، باکۆ و لەندەن، ساڵی 2006 لە هەوڵێکی تیرۆرکرانیش لە بەغدا قوتاری بوو. بۆیە ئاشنای بنەماکانی سیاسەتی دەوڵەتەکەیەتی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. بیرۆکەی ئەم رێکخراوی ئاشتی و هاوکارییەکەش ئەگەر وەك جەهەپە دەیەوێ سەربگرێت زیاتر بیرخەرەوەی هەوڵەکانی مستەفا کەمال ئاتاتورکە بۆ سەرخستنی پەیمانی سەعدئاباد. بۆ زۆرێك لە کوردەکان بیرۆکەی هاوکاریی ناوچەیی، بیرخەرەوەی پەیمانەکانی وەك پەیمانی بەغدا و سەعدئابادە کە بەشێکی ئامانجەکەیان دژایەتی کورد بوو.

هەڵبەت باسکردنی بیرۆکەی رێکخراوێکی وا لەگەڵ هەرێمی کوردستان، واتای ئەوەیە کە جەهەپە دان بە ئەکتەرێکی کوردیدا دەنێت،

هەرچەند کە دەوڵەتێکی سەربەخۆیشی نییە، بەڵام ئەمە قسەی ئێستایەتی کە دەسەڵاتی بە دەست نییە. گرنگ ئەوەیە کە ئایا وەختێ بووە دەسەڵات و وەکوو دەوڵەت کاری بۆ ئەو بیرۆکەیە کرد، هەمان بۆچوونی دەمێنیت یان نا؟ ئەوەش هێشتا ناڕوونە.

**هەڕەشەکانی سوپای پاسداران**

محەمەد پاکپوور فەرماندەی هێزی وشکانی ئێران لەبارەی هێزەکانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان رایگەیاندووە کە نابێ ڕێگا بدرێت "بنکە و بارەگایان هەبێ و بێن و بچن" و جەختیشی کردۆتەوە کە هەرجۆرە خافڵبوونێك لەو هۆشدارییەی کە بە عێراق و هەرێمی کوردستانیان داوە، وەك"پێچەوانەی پەیوەندیی باشی دوولایەنە" تەماشا دەکەن. هەروەها باسی "ئەگەری وەڵامدانەوە"یشی کردوە.[3]

هەڵبەت ئەوجۆرە لێدوانانە تازە نین و گەلێکجار باسیان کراوە. لەوانەیە هێرشەکانی تورکیا بۆسەر پەکەکە و هەڵوێستی عێراقیش، بە تایبەت گوتەکانی وەزیری بەرگری عێراق لە کۆڕبەندی رافیدەین کە ناڕاستەوخۆ جۆرێك ڕەوایی بە ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان دا، پاڵنەرێکی گوتەکانی ئەو فەرماندەیەی ئێران بن. بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە کە، دۆخی ئەفغانستان لەلایەك ئێرانی هانداوە تا زیاتر بیر داهاتووی نفوز و کاریگەریی خۆی لە عێراق بکاتەوە و دەستی پێوە بگرێت و لەلایەکی دیکەش، دەیەوێ کەڵك لە دۆخی ئێستای عێراق و دیالۆگی واشنتن- بەغدا بگرێت بۆئەوەی لە پرسی مانەوەی حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان ئیمتیازێك وەربگرێت.

وەکچۆن یەکەم کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق ڕێی بۆ ئەوە خۆشکرد کە لە 2016دا کۆتایی بە نزیکەی 35 ساڵی مانەوەی موجاهیدینی خەلق لە عێراق بێت، وادیارە تاران بە تەمایە  هاوکات لەگەل گەڕەکانی دیالۆگە ستراتیژییەکانی بەغدا و واشنتندا، ڕێگایەك بۆ کاریگەریدانان لەسەر پرسی مانەوەی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستانیش بدۆزێتەوە.

ئێران لە ساڵانی رابردوودا چەند جارێك هێرشی کردووەتە بنکەی بارەگای حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە نزیك سنوور و لە دووری سنوور. هەروەك چۆن لە سەرەتاکاندا هێرشی موشەکی دەکرانە سەر بنکەی ئەشرەف کە بڕی کەمتر لە 100 کم دووری سنوورەکانی ئێران بوو، هەتا دواجاریش کەمپە بۆ ئەلبانیا گوێزرایەوە.

بە ئەگەری زۆر، بەشێکی بەرچاوی ئەو پەرلەمانتارانەی کە لە گرووپەکانی نزیك لە ئێرانەوە دەبنە ئەندامی پەرلەمانی داهاتووی عێراق، کەسانیکی نزیك لە گرووپە چەکدارییەکان دەبن و ئەمەش وادەکات کە هەستناکی حکومەت و پەرلەمانی داهاتوو بەو پرسە ئەمنییانەی کە جێی بایەخی ئێرانن زیاتر بن.

خۆی پێشتریش عادل عەبدولمەهەدی لە کارنامەی کابینەکەیدا بەڵێنی ئەوەی دابوو کە چارەیەك بۆ پرسی مانەوەی هێزە چەکدارییەکان لە عێراق بدۆزێتەوە. بۆیە دوور نییە لەگەڵ حکومەت و پەرلەمانی داهاتوودا بەهۆی گوشارەکانی ئێرانەوە، جارێکی دیکە ئەو پرسە بکەوێتەوە ڕۆژەڤ.

**کۆتایی**

ئەمریکا هێشتا هێزە گەورەکەی جیهانە، بۆیە هەرجۆرە سیاسەت و جوڵەیەکی کاریگەری لەسەر زۆرێك لە وڵاتانی دیکەی دنیا دادەنێت. ئەو دیمەنە ناڕوونەی کە بەهۆی  ڕووداوەکانی 2019 لە سووریا و دواتریش لە 2021ی ئەفغانستان، سەبارەت بە ئەمریکا لە عێراق دروستبوە، کاریگەری لەسەر ناوخۆیی عێراقیش داناوەو خواستی دەوڵەتانی ناوچەیشی بۆ زیادکردنی نفوز و کاریگەری لە عێراق زیادکردووە. ئەمەش ئەو خاڵەیە کە سەردانەکەی جەهەپە و لێدوانی فەرماندەکەی سوپای پاسدران تێیدا بە یەك دەگەن.

سەردانەکەی جەهەپە چی بۆ دەنگ بێ و چی بۆ ڕەنگ و پەیوەندی، بایەخدارە. لەگەڵ ئەوەی کە هێشتا ئەو حیزبە، پرۆژەیەکی ڕوونی بۆ پرسی کوردی  پێ نییە، زیادکردنی کەناڵەکانی پەیوەندیی هەرێم لەگەڵ تورکیا بایەخدارە تا تەنیا بە ئاکپارتییەوە سنووردار نەبێ. هەرچەند دواجار سەردانەکەی جەهەپە لە قازانجی ئەردۆغانیشدایە کە ئێستا بەهۆی مەهەپەی هاوبەشی لە هاوپەیمانیی جمهور، توانای کرانەوەیەکی ئەوتۆی بەڕووی کوردەکاندا نییە کە لە هەڵبژاردنی رابردوودا هۆکارێکی شکستەکانی بوون، بە تایبەت لە شوێنێکی وەکوو ئیستانبوڵ.

هاتنی وەفدەکەی جەهەپە بۆ هەولێر دەمی گەورەترین پارتی بەرهەڵەستکار بۆ دژایەتیکردنی هەرجۆرە تاکتیکیکی هەڵبژاردنیی ئەردۆغان دەگرێت کە لەوانەیە لە داهاتوودا بۆ راکێشانەوەی سۆزی کوردەکان بیگرێتەبەر.

لێدوانی فەرماندەکەی سوپای پاسدارانیش زیاتر بۆ کەڵکوەرگرتنە لەو دۆخەی کە عێراق پێیدا دەڕوات. حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

له ساڵی 1995وه شەڕێکی ئەوتۆیان بەرامبەر ئێران نەکردووە و بەپێی پرۆتۆکۆلی ژمارە 1ی رێککەوتننامەی جنێف، پاراستنی ئەوانەی کە بەهەر هۆکارێك ئیدی شەڕ ناکەن، کارێکی پێویست و رەوایە. لەلایەکی دیکەوە، ئەگەری هێرشێکی بەرفراوانی سوپا بۆ سەر بنکە و بارەگای حیزبە کوردییەکان دەتوانێت پڵیتەی نارەزایی نێوخۆیی کوردیش لە ئێران داگیرسێنێت و، ئەمەش دوای شتێکە کە ئێران لانیکەم لەم وەختانەدا بە تەمای بێت. بە تایبەت کە بەهۆی دۆخی خراپی ئابووری و رووداوەکانی خوزستانیشەوە نارەزایی خەڵك لە ئاستێکی بەرزدایە. هەڵبەت ئەگەر زۆرە کە هاوشێوەی ساڵانی رابردوو گوشاری سیاسی و سەربازی بەردەوام بێت تا لەو دۆسییەدا ئیمتیازێکی زیاتر وەربگرێت.

[1] _ https://www.chp.org.tr/haberler/chp-heyeti-erbilde

[2] _ https://www.bbc.com/turkce/haberler-turkiye-57758499

[3] _
https://www.dw.com/fa-ir/%D9%87%D8%B4%D8%AF%D8%A7%D8%B1-%D9%81%D8%B1%D9%85%D8%A7%D9%86%D8%AF%D9%87-%D9%86%DB%8C%D8%B1%D9%88%DB%8C-%D8%B2%D9%85%DB%8C%D9%86%DB%8C-%D8%B3%D9%BE%D8%A7%D9%87-%D9%BE%D8%A7%D8%B3%D8%AF%D8%A7%D8%B1%D8%A7%D9%86-%D8%A8%D9%87-%D8%A7%D9%82%D9%84%DB%8C%D9%85-%DA%A9%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86-%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82/a-59099537